# سەردانەکانی بەرەی گۆڕان

*کاتـــژمێر ١٥ی رۆژی ١٤-٨-٢٠٠٦ ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکاری بەرەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی ناساندنو خستنەرووی پـرۆژەی پێشـنیارکراو، سـەردانی نووسینگەی پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی( ndi) یان کردو لەگەڵ مستەر براین بەرپرسی ئۆفیسی کوردستانو ئاری مـەحمود یاردێـدەری بـەرپرس کۆبوونـەوە. لەدیدارێکی دۆستانەدا بەتێروتەسـەلی بـاس لـە گرنگـیو پێداویسـتی بـەرەی گـۆڕان کـرا، هــەردوولا بـوونی دەســتەڵاتو ئۆپۆزیسـیۆنیان بـە بنـەمای گەشەکردنی دیموکراسی لێکدایەوەو هیوایان خواست لەو بوارەدا هاوکاری یەکتر بکەن.

*کاتـــژمێر ١٨ی هـــەمان رۆژ ئەنـدامانی کۆمیتـەی ئامادەکـاری بەرەی گۆڕان سەردانی بارەگای بەڕێز عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردسـتانیان کـرد کـە بەگەرمیـەوە لەلایەن بەڕێزیانەوە پێشوازیان لێکرا، دواتـر لەدیدارێکی برایانـەدا ئامـانجی هەوڵدان بۆ پێکهێنـانی بـەرەی گـۆڕان قسەوباسـی لەسـەرکرا، کۆمیتـەی ئامادەکاری بـەرەی گۆڕان جـەختیان لەسەرئەوە کردەوە کە بوونی بـەرەی ئۆپۆزیسـیۆن لەخزمـەتی کێشـەی گەلەکـەمان دادەبـێو سـوودیش بەدەستەڵات دەگەیەنێ.

لـەو دیـدارەدا برایـانی کۆمـەڵی ئیسلامی بەبایەخەوە لـە پرۆژەکـەیان روانـیو هیـوای سـەرکەوتنیان بـۆ خواسـت، دووپاتیـان کـردەوە کـە پێوەندی نێوانیان پتەوو بەهێز دەبێ.

* کاتـــژمێر ١٩ی رۆژی ١٤-٨-٢٠٠٦ شاندێکی کۆمیتەی ئامادەکـاری بـەرەی گـۆڕان سـەردانی بارەگـای مەکتـــەبی سیاســـی یـــەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کرد، لەلایـەن ژمارەیـەك لەئەنـدامانی سەرکردایەتی یـەکگرتوو بـە گەرمیـەوە پێشـوازیان لێکرا، لەدیدارێکی برایانـەدا کـە زیاتر لەسـەعاتێکی خایانـد سـەبارەت بـە پـرۆژەی پێکهێنـانی بـەرەی گـۆڕان قسەوباس کـرا. لـەو دیـدارە بـاس لـە رەوشـــی هەنووکـــەیی کوردســـتانو گرنگـی زەمینـە خـۆش کـردن بـۆ بەئـــەنجام گەیانـــدنی بنـــەماکانی دیموکراسـی کـرا، هـەردوولا پێوەنـدی نێـوان دەسـتەڵاتو ئۆپۆزیسـیۆنیان بەمەرجی پێشکەوتنی کۆمەڵگە زانیو جـــەختیان لەســـەر پاراســـتنی دەستەکەوتەکانی کردەوە.

# لایەنە سیاسیەکان ساڵیادی راگەیاندنی RPK پیرۆز دەکەن

رۆژی ١٥-٨-٢٠٠٦ بەبۆنـەی چواردەهەمین ساڵیادی راگەیانـدنی حزبمـــان، حزبـــی رزگـــاریی کوردسـتان، لایەنـە سیاسـیەکانی کوردســــتان بەســــەردانو پەیامـــەکانیان پیرۆزباییـــان لەرزگاریی کردو هیوای سەرکەوتنو پێشـکەوتنیان بـۆ خواسـت. بـەم بۆنەیـــەوە شـــاندی حزبـــی زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان، بزووتنـەوەی دیموکراسـیخوازانی کوردســـتان، یـــەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان، پـــارتی پارێزگـــارانی کوردســـتانو پـــارتی نەتـــەوەیی کوردســـتان ســـەردانی بارەگـــای مەکتـــەبی سیاســـیRPK یـــان لەشـاری سـلێمانی کـرد، هەربـەو بۆنەیـــەوە پـــارتی ســـەربەخۆیی کوردســـــتان، بزووتنــــەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، پـارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، پـــارتی یـــەکێتی کـــورد لەسوریا،ســـازمانی خـــەباتی کوردســـتان و پـــارتی کۆمـــاری کوردســـتان بروسـکەو پـەیامی پیرۆزباییان رەوانە کرد.

# وەزیری مافی مرۆڤ: تەنیا ٥٣ هەزار ئەنفالکراو هەن

هەواڵـــەکان: رۆژی ١٧-٨-٢٠٠٦ بـەڕێز دکتـۆر شـوان محەمـەد وەزیـری مـــافی مرۆڤـــی حکومـــەتی هـــەرێمی کوردستان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامـەوانی کە لەشاری کەلار بەڕێوەچوو، رایگەیانـد کـــە دۆســـیەی ٥٣ هـــەزار ئـــەنفالکراو ئامادەکراوەو لەبەر دەستدان و رەوانـەی بەغـداد کـراون. وەزیـری مـافی مـرۆڤ دووپـاتی کـردەوە کـە ١٨ هـەزار کـەس لـــەخوێنگرانی ئـــەنفالکراوەکان ناســـێندراون، ئەگـــەر بڕیـــاری قەرەبووکردنـــەوەش دەربچـــێ، تـــەنیا ئەوانە دەگرێتەوە.

ئەم لێدوانەی جەنابی وەزیر نیگـەرانیو دڵـەڕاوکێی لـەنێو کوردسـتانیان دروسـت کـردووە، چـونکە بـەگوێرەی زانیاریـەکان، زیاتر لە ٨ هەزار بارزانی ئـەنفالکراون، ئەمـە بێجگـە لەئـەنفالکردنی دانیشـتووانی گونـدو ئاوایـیـەکانی گـەرمیانو بادینـان. پێشـتر راگەیاندنەکانی کوردستان جـەختیان لەسـەر ئەوە کردبۆوە کە لەپرۆسەی ئەنفالـدا کـە دژ بەنەتەوەی کـورد ئەنجامـدرا، زیاتر لـە ١٨٢ هەزار کـەس بـێ سەروشوێنکراون، بەمـەش نـاکۆکی لـەنێوان قسـەکانی وەزیـری مـافی مرۆڤو راگەیاندنی کوردی بەدیار دەکەوێ.

# مۆبایل مەرگی ژنێکی دیکەش دەچنێ



رۆژی ١٧-٨-٢٠٠٦ تـــەرمی ژنێـــك لـــەنزیك گونـــدی خـــاگێلانی ناوچـــەی شـــارەزوور بەشـــێواوی دۆزرایـــەوە. بـەگوێرەی زانیاریـەکان ئـەو ژنـە بـەهۆی ئـــەوەی لەلایـــەن کەســـێکەوە بـــەمۆبایل دەنگـــی تۆمـــارکرابوو، لەلایـــەن مێردەکەیـــەوە تـــەڵاق دەدرێو رەوانـــەی ماڵی باوکی دەکرێتەوە.

وابـڵاو بۆتـــەوە کـــە ئـــەو قوربانیـــە دانیشتووی شاری هەڵەبجە بووە، وێڕای ئـــەوەی کـــە مێـردی هـــەبووە، پێوەنـدی نـــاڕەوای لەگـــەڵ گەنجێکـــدا دروســـت کـــردووە، ئـــەو گەنجـــەش بـــۆ مـــاوەی ٥ خولەك دەنگی ژنەکـەی تۆمـارکردووە کـە باس لەکارەکانی خۆی دەکاتو ناوی ئـەو کەسانە دەهێنێ کـە چـوونەتە لای، دواتـر گەنجەکـــە بـــێ ئـــەوەی دەنگەکـــە پاکبکاتەوە، مۆبایلەکەی دەفرۆشـێ، بـەم شێوەیە دەنگەکـە بـۆ سـەر مۆبایلـەکانی دیکـەدا دەگوازرێتـەوەو کەسـوکاری لێـی ئاگـادار دەبنـەوە. کـاتێ ئاشـکرا دەبـن، ژنەکـــە تـــەڵاق دەدرێو گەنجەکـــەش دەچێتە موسڵو ناگەڕێتەوە.

شـیاوی باسـە تـا ئێسـتا دەیـان کێشەی لەو بابەتە کە بەریسوایی مۆبایـل ناســـراون لەباشـــووری کوردســـتان کارەســـاتی لێکەوتۆتـــەوە. بـــەگوێرەی زانیارییەکان زیاتر لە ٣٢ ریسوایی مۆبایـل لـەبازاڕەکانی کوردستاندا بوونیـان هەیـە. ماوەیـــەك لەمەوبـــەر، لەشـــاری هـــەولێر ریسـوایی عـامری زێڕنگـەر دوو کـوژراوی لێکەوتـەوە، هەروەها لەشاری کـەرکوکیش کچێکی ١٧ ساڵان بۆتە قوربـانیو دەیـانی دیکـــەش داهـــاتووی رەش چـــاوەڕوانیان دەکات.

# ئیتالیا: ١١ کوردی سەرهەڵگرتوو دەستگیر دەکرێن

بـــەگوێرەی ماڵپـــەری پانۆڕامـــا کوردۆ، رۆژی پێنج شـەممەی رابـردوو ١١ کوردی سـەرهەڵگرتووی باشـووری کوردســـتان لـــەنێو خـــاکی ئیتالیـــا دەستگیرکراون.

بـــەگوێرەی هەواڵـــەکان ئـــەو ١١ کەســـە لەیۆنانـــەوە خۆیـــان لـــەنێو لۆرییـــەکی بارهـــەڵگر حەشـــار دەدەن، بـــەڵام شـــۆفێری لۆرییەکـــە لەســـەر شـــەقامێکی گشـــتی لەبەنـــدەری ئـــەنکۆنا لەناوەڕاســـتی ئیتالیـــا ناچاریان دەکات دابـبەزن، ئەوانیش ســـەرگەردان دەمێننـــەوەو لەلایـــەن پۆلیس دەستگیر دەکرێن.

# هەواڵی سپیر

* سەرپەرشـتیارێکی پـەروەردەیی لـەدوای راپـەڕین خانوویـەکی حکـومی فرۆشت، لەم دواییەدا خانوویەکی تازەشی وەرگرت، بەوەشـەوە نەوەسـتا، دڵـی ئاوی نەخواردەوە، ئێستا زەویەکی وەرگرتووە بۆ کچەکەی کـە تـەنها دوو سـاڵ خزمەتی هەیەو سەڵتیشە. لەو لیستەی کـە نـاوی کچـی ئـەمی تیایـە، بـۆ زەوی هەندێ مامۆستا کوژێنراونەتەوە سێ قاتی ئەم خزمـەتیان هەیـەو سوودمەندیش نەبوونە.

* مام (ع) رەباتی فەرمانبەری دائیرەی ئەشغالی کەرکوك بووە، دوانزە ساڵ خزمەتی هەبووە، بەهۆی دابڕانەوە وەکو زۆرێك لەفەرمانبـەران دەرکـراوە، دوای دەیان هەوڵو تێکۆشانو مامەڵە پێکردن نەیان گەڕاندەوە، ئەم پیاوە هیچ جۆرە مووچەیەکیشـی نییـەو کـوڕێکی دەستڕۆشـی هەیـە لێـی چـووە بـەڕقاو نایـەڵێ بیگێڕنەوە، ئەمیش لەڕقی ئەو بووە بەپاسەوانی بەنزینخانەیەك بەشەوان.

* یـەکێك لەپاسـەوانەکانی پارێزگـاری کـەرکوك فیلمـی رووتـی کەوتۆتـە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن. ئەو کوڕە مومارەسەی سێکسـی لەگـەڵ کچێکی ناسـراوی شـارەکە دەکـات کـە بـاوکی لـەدائیرەی (......) بەڕەزامەنـدی دایکـی کچـەکە لـەماڵی خۆیـان لـەپێناو پـارە، کوڕەکـە بـەکامێرای مۆبایـل وێنەکـەی گرتـووە، (١٦دەقیقە)یە خراپترینو پیسترین لەقتەی تیایە، زۆر بەئاشـکرا کچـەکە نیشـان دەدات، لەدواجاریشدا وێنەی دەمو چاوی خۆیشی دەردەکات کـە دەناسـرێتەوە ئەمە کوڕی فڵان کەسی دەستڕۆیە. دەڵێن کوڕەکە خۆی فلیمەکەی نقڵ کردووە، دواتر دزەی کردووەو ئێستا لەبازاڕ بەشەرت دەیفرۆشن.

* رۆژی ١٠-٨-٢٠٠٦ پۆلیسەکانی لیوا (ش) لەکـەرکوك کوڕێکیـان بـەناوی (س) گرتووە، گوایە بینیویانە دوو جەلیکان بـەنزینی لەبەنزینخانـەی (شـۆریجە) دەرکردووە. دوای رجاو تکایەکی زۆر هـەر بـێ سـوود دەبـێ، (س) دەڵـێ باشـە ئەوە من بەنزینم هێناوە بۆ فرۆشتن خۆ نەمدزیوە ئێ لەیەکێك کڕیومە بـۆ ئـەوە نـاگرنو مـن دەگـرن، رۆژانـە بەتەنکـەر دەدزرێو دەفرۆشـرێ بـۆ هـەقتان نیـە نەگبەتێ وەك من دەگرن، ئەفسەرەکە پێی دەڵێ لەوچەیی مەکـە ئێمـە علاقـەی ئەوانمان نیە، بائێوە لەسەر جادە نەهێڵێن ئەوانیش رۆژیان دێت..

* لەناو کەرکوك دەنگۆی ئەوە هەیە ئەگەر ئەنجوومەنی پارێزگا ڕازی بێـت ئەوا بەنزینخانەی (١٠)ی نیسان لەسەر رێگەی سلێمانی کە حکومی‌یە دەفرۆشێت بە بەرپرسێکی پایەبەرز، شـایانی باسـە ئـەو بەنزینخانەیـە زۆرتـرین ئۆتۆمۆبێـل بەرێ دەخات لەشارەکەو رۆژ هـەبووە زیـاتر لـە (٢٤٠٠) حسـەی دابەشـکردووە، کەچی بەنزینخانەیەکی وەکو (ئیسلام) لەلای بەلەدیەی کەرکوك بەتەنها تـەرخان کراوە بـۆ ئەوانـەی کـە سـەر بـە هـەردوو حزبـی دەسـەڵاتداری کـوردین هەویـەو پسوڵەیان بۆ کردوون، بەنۆرە هـەر رۆژەو حزبێـك، دەبـێ هـەموو شـتی ٥٠بـە٥٠ بێت.

* لەچەمچەماڵ لەدوای خۆپیشاندانەکەی هەفتەی رابردوو بەنزینخانەی بنار تەنکـەرێکی (٣٦ هـەزار) لـیتری وەرگرتـووە، کـاتێ کـە سـەیارە ریـز دەگرێـتو ژمارەیـان دەدەنـێو دەسـت دەکـرێ بەدابەشـکردن هـەتا ژمـارە (١٧٠) بـەری دەکەوێت دوای ئەوە دەڵێن نەما. دەبێ بەمقۆمقۆو هەرا ئینجا لەترسان دەڵێن با بەمەسفیەکە بەرزە رای ناکێشێ بـەیانی وەرنـەوە بەسـەر چـاو، بـەڵام هـەر ئـەو بەسـەر چـاوەبوو زیـاتر لـە (٢٠هـەزار) لـیتر بـەنزینیان ئـاودیو کـردو بەقسـەی خاوەنەکەشی بێت (٤ هەزار) لیتر دانراوە بۆ قایمقامیەت. ئەی باشە قایمقامیەت (٥ هەزارەکەی) بان مەقان چی لێ دەکات؟.

* بێوەژنێکی داماوی هەولێری رێی کەوتۆتە نەخۆشـخانەی دکتۆرێـك لـەوێ کابرایـەك بـەدرۆ (٤٠هـەزار) دینـاری لێ دەسـەنێ، گوایـە بـۆ دەرزییـەتیو سـەیدەلیەکە دای دەخـا، دەڵـێ مۆبـایلم کـردووە ئێسـتا پارەکـەم بـۆ دێـنن دەتدەمەوە، با دەرزی یەکەم لە کیس نەچـێ هـەر لـەو سـەیدەلیە هەیـە، دوای ئەوە خۆی بزر دەکاو دەڕوا، دواتر خەڵك پارە بۆ پیرەژنەکە کۆدەکەنەوە.

## رانیە: بڕوانامەی ساختە ئاشکرا دەبن

لەبەڕێوەبەرایـەتی پـەروەردەیی رانیـە، بـەهاوکاری وەزارەتـی پەروەردە لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرجەم بڕوانامەی فەرمانبەران پێك دەهێنـرێ. بـەپێی زانیـاری کارمەنـدێکی بـاڵای پـەروەردەیی رانیـە، ١١ فەرمانبەر بڕوانامەکانیان ساختە دەرچووە، تەواوی فەرمانبەران بـەکۆنو نوێوە داوایان لێکراوە کە وێنەی یەکەمی بڕوانامەکانیان بهێنن، تاراستی بڕوانامەکانیان بسەلمێننو تەسدیق کراوبێ.

## کۆنفرانسی سەنتەری رۆشنبیری لەکۆبوونەوەی حزبی دەچێ

بەگوێرەی هەواڵ، کۆنفرانسی سـەنتەری رۆشـنبیری چۆمان، لـە٢١-٧-٢٠٠٦ لەقوتابخانەی سیاکۆی سەرەتایی کوڕان، لەقـەزای چۆمان بە بەشداری ٧٥ ئەنـدام بەڕێوەچـوو. لەلایـەکی تـرەوە هـەر هـەمان رۆژ ١٠٠ ئەندام ناڕەزایی خۆیان بەشێوەی واژۆ کۆکردنەوە لەدژی شێوازی دانـانی ئەنـدامانی کـۆنفرانسو هەڵبژاردنەکـە دەربـڕی، دیاریـان کـرد کـە بـەهیچ شێوەیەك ئـەم سـەنتەرەیان قبـوڵ نیـەو بەشـەرعی نـازاننو لەبەرئـەوەی ئەندامانی کۆنفرانسەکە زۆربـەیان لەسـەر بنـەمای حزبایـەتیو خزمایـەتی داندراونو رۆشنبیر نین.

## خەڵك داوای چۆلکردن لە هێزی ژینگە پارێز دەکەن

سـاڵانێکە بارەگایـەکی هێـزی ژینگـەپارێز لـەپردی ئاشـی خدرانـدا، لەدەڤـەری باڵەکایـەتی بەمەبەسـتی پاراسـتنو چاودێری کـردن، ژینگـە دانـدراوە، بـەڵام رۆژی ٦-٨-٢٠٠٦ ئاگرێـك لەدەوروبـەری بارەگاکـەیان دەکەوێتەوەو جگە لەسووتانی پوشو دارو درەختـی دێمو چـەند دارێکـی (میوە) زیاتر لە٧٠٠ داری ئەسپینداریش دەسووتێن، ئەمەش بووە مایـەی دڵتەنگی خەڵکەکەو زەرەرمەندبوون. خەڵکەکە کۆبوونـەتـەوەو داوایـان لێ کـردوون کـە ناوچـەکە جێبهێڵنو ئەگـەر نـەتوانن چـەند مـەترێك لـەنزیك خۆتان بپارێزن، بۆ ناوتان لەخۆ ناوە ژینگەپارێز؟!.

## گوندێك بە دوو موەلیدەوە بێ کارەبا دەمێنێتەوە

گوندی گەزنەی دەڤەری رواندز لە ٥٠ ماڵ پێکهاتووە، لەشـەورۆژ دوو کاتـــژمێر کارەبایـــان هەیـــە، لەکاتـــژمێر ٨-١٠ی شـــەو، سەرچـــاوەی کارەباکەیان موەلیدەیە، لەجیاتی یەك، دوو موەلیدەی کارەبای لێیـە کـە لەلایـەن دوو حزبـە دەسـتەڵاتدارەکەوە دابینکـراوەن، بـەڵام دابینکردنـی گازیـان بـۆ حکومـەتی هـەرێم هێشـتۆتەوە، بۆیـە وێـڕای ئـەوەی دوو موەلیـدەی کارەبـایی تێدایـە، ئـەوە چـەند مانگێگـە تـەنیا دوو کـاژێر گوندەکە رووناك دەکرێتەوە.

## شەقڵاوە لە عەرەبستان دەچێ

بەگوێرەی هەواڵ، عەرەبێکی زۆر لەباشوورو ناوەراستەوە روویـان لـە هاوینەهـەواری شـەقڵاوە کـردووە، بـەنرخێکی گـران خانوویـان بـەکرێ گرتـووە . جـاران بۆ گەشتوگوزار رووی تێدەکرا، بـەڵام ئێسـتا رەوشـی نائـارامی ژمارەیـەکی زۆری لـەو شارۆچـکەیە کۆکردۆتـەوە. زۆربـەی ئـەو عەرەبـە هاتووانـە دەوڵەمەنـدنو بـە پارەیـەکی زۆر شـوێنی حەوانـەوە دابیندەکەن، ئەمەش شوێنپەنجەی لەسەر قەیرانی نیشتەجێبوون داناوە. بەگوێرەی هـەواڵ لـەدوو مـانگی رابـردوودا ١١کچـی شـەقڵاوەیی مێردیـان بەعەرەبـەکان کـردووە. هەنـدێك هـاتنی عـەرەب بـۆ ئـەو رێزلێگرتنـە دەگێڕنەوە کە وەك مۆدیلی لێهاتووە.

## ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن

دەمێکە ئاوارەکـانی شـەڕی نـاوخۆ لەچاوەڕوانی قەرەبووکردنـەوەی زیانـەکانیان کـە لەئـەنجامی ئـەم شـەڕەدا دووچاری بوونەتـەوە، ئێستا هەسـت بـە پـەراوێزبوون دەکـەنو پێیانوایـە کـە بەرپرسـەکانی حـزب داخوازیەکانیان جێبەجێ ناکەن، چونکە تا ئێستا ئـەو بەڵێنانـە جێبـەجێ نەکراون کە پێشتر پێیـان درابـوو. بـۆ ئـەم مەبەسـتە رۆژی ١٥-٨-٢٠٠٦ دەستەیەك لە ئاوارەکان کۆبوونەتەوەو بەیاننامەیەکی هەڕەشـە ئامێزیـان نووسـیوەو ئاراسـتەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانیان کـردووە، تێیـدا هـاتووە ئەگـەر تـا١٠ رۆژی دیکـە داخوازیـەکانیان جێبـەجێ نـەکرێ، هەڵوێست وەردەگرنو خۆپێشاندان دەکەن.

## نەقیبێکی ساختە سزا دەدرێ

رۆژی ١٣-٨-٢٠٠٦ مفـەوەزێکی ئاسایشـی ناحیـەی سـیدەکات کـە ئۆتۆمۆبیلێکی بێ ژمارەی پێ دەبێ، لە نێو بازاڕ لە شـوێنێکی نـەگونجاو رایدەگرێ، دواتر پۆلیسێکی هاتووچۆ داوای لێ دەکات کە ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆ شوێنێکی گونجاوتر بگوازێتەوە، بەڵام ئاسایشـەکە بەتووندی وەڵامـی دەداتەوەو پێی دەڵێ من نەقیبی ئاسایشم، بۆت نیە قسـەبکەی، دواتـر خـۆیو هاوکارەکـەی پـەلاماری پۆلیسـەکە دەدەنو زۆری لێـدەدەن. سەرەنجام پەلاماردەرەکان لەلایەن پۆلیسـەوە دەسـتگیردەکرێن، ئەوسا دەردەکەوێ کە ئاسایشەکە نەقیب نییـە، بـەو هۆیـەوە لەلایـەن دادگـەوە بەتۆمەتی ساختەکاری سزای بۆ دەبڕدرێتەوە.

## هاموون چالاکیەکانی خۆی سڕ دەکات

رۆژی ١٥-٨-٢٠٠٦ ناوەنـدی هونـەری هـاموون لەبەیاننامەیەکدا کـە ئامـاژەی بەچـالاکیەکانی خـۆی کـردووە، راگرتنـی تـەواوی چـالاکیەکانی خۆی راگەیاندووە.

بـەگوێرەی بەیاننامەکـە ١١-١٠-٢٠٠٥ ناوەنـدی هونـەری هـاموون دامـــەزراوەو توانیویـــەتی رۆژنامەیـــەکی هونـــەری بـــەناوی هـــارمۆنی بڵاوبکاتەوە، ١٢ ژمارەی لێ چاپ بکات، هـەروەها ژمارەیـەکی زۆر گـەنجو لاوان لـەخۆی کۆبکاتـــەوە، بـــەڵام بـــەهۆی ئـــەو رەوشـــە نالـــەبارەی کـــە دووچـــاری کۆمەڵـــەی چـــالاکیەکانی هـــاموون هـــاتوون، گەندەڵیـــەکانی ئاشـــکرابوون، قەیرانـــەکان روو لـــەزیادبووننو ئاســـۆش لێـــڵ تـــر خـــۆی دەنوێنێ، بۆیە ئێمە چیتر ئەم رەوشەمان بۆ پەسند نـاکرێو وەسـتاندنی کـارو چـالاکیەکانمان، تـا گێڕانـەوەی مافـە مـاددیو مەحنەویـەکانمان رادەگرین.